ئەمین گەردیگلانی

**سکاڵا**

هێندە بێزارم بەدەس ئازار و داخی ئێرەوە
هەڵدەدێرم ڕۆحی خۆم ڕۆژێکی لەم پەنجێرەوە

ئەشقی تۆ تەرزی دڵی بۆ ژوانی ڕووناکی دەبرد
گیانی تاریکی دەنامە باوەشی ئەستێرەوە!

هێندە ترسابووم لە ساتی پڕ لە خورپەی ژوانەکەت
هەڵدەچۆقا دڵ لەسەر تاوێری مردن لێرەوە!

ڕۆحی تینووم تا لەبیرم دێ، لەباوەشتا دەژی
زەڕڕەیەك نووری نیگاتی تێوەدە و بینێرەوە!

ئاهی دڵ شاخێکی تاکوو ئەو پەڕی بوون هەڵچنی
ڕازەوانم پێت دەگەم لەم ڕێ چڕ و هەڵدێرەوە!

ئاشقانی خۆری چاوت سوجدە بۆ نانێ دەبەن
کۆشکی خەندەی دوژمنت هڵچوون بە ورگی تێرەوە!

دیلی نێو تاریکەڵانی ژانە ژینی بێکەسیم
چاوە خۆرێکی سەرنجت بۆ دڵم ڕادێرەوە!

جەستەکەم توێ توێ کرا هاڵایە پێم هێڵی سنوور
مێشکی شاخم کەوتە ژێر چەکمەی ڕەشی نامێرەوە،

زایەڵەی زیڕەی ژن و زارۆ زەویی هێنا لەرین
تاقە جارێ دڵ بە هاواری دڵێ بسپێرەوە!

من لەگەڵ زیڕە و زریکە و قیژە لەم خاکە ڕوام
بوومە لاوك چوومە ئەوکی پڕ گڕی بلوێرەوە!

زایەڵەی واژەم کە دێنێتە سەما چۆم و چیا
دێنە کڕنۆش نۆتە بۆ شێعرم بەسەد ئامێرەوە

یاوی جەستەی شێعری زامارم بڵێسەی سەندووە
چۆتە ناخی سەوزی گوند و چیمەن و زەنوێرەوە!

ئارەقی ماندوویەتیی ئەم وەرزە سوورانەم هەموو
کانیی هەرمانن بە نێوچاوی گەشی جووتێرەوە!

شەونمی چاوێ بپرژێنە لە سیمای ئەم سەدەم
زامی سەردەشت و هەڵەبجەی دڵپڕم بژمێرەوە!

من لەژێر بارستی ئێسکی کۆنە مێژووما چەمام
بۆ بکەومە بن ڕنووی گوللە و چەکی زلکوێرەوە؟!

من لە قوڕگی پڕ لمی ئەنفالەوە هاوار ئەکەم
چاوەڕێی ڕووتم لە ئاسۆی زامەکەی هەولێرەوە!

من لە نۆتی سووری گاتاکانەوە گازندەمە
ئەو سەرەت بۆناگەڕێم گوێ بگرە لێم لەمژێرەوە!

من لە جەرگەی دووکەڵی سیانیدەوە بانگت دەکەم
پێت دەگا دەنگم لەپشت کێوی ڕم و خەنجێرەوە؟!

من هەناسەی سەوزی ئاڤێستام لەسینگ دایە، دەژیم
تازەوی مابێ و هەتاو و ئاو و با هەم بێرەوە!

من گڕی ئاتەشکەدەی زەردەشت لە ڕەگما بۆتە خوێن
ناچمە بن کەپری کەوان و سێبەری شمشێرەوە!

خوێنی کرماشان لەرەگمایە پشووم کەرکووکییە
ژانی قامیشلیم لەکۆڵ ناوە بەڕێی ئەزمێرەوە!

من چرای چاوی مەهابادم لە دڵدا هەڵبووە
زامی بۆتان و دیاربەکرم بەڕووی هەولێرەوە!

من بەقەد وان و زرێبار ڕۆندکم هەڵرشت لەلات
گۆلی ورمێم بۆیە تەم گرتی بەلێوی سوێرەوە!

باوەشی چاوم بەرەو پرشنگی ئەشقت ئاوەڵان
سیس بووە ڕۆحم، بەکانیاوی نیگات بیدێرەوە!

ئەشقی تۆ و من بووبووە مێژووی خۆشەویستی سەردەمێ
ئێستەکەش دڵداری تۆم،جوانیت بەمن بسپێرەوە!

بائەوینمان ئەم چەلەش بکرێتە ئایەت بۆژیان
تا نەمردووم چرکە ساتێکم لەگەڵ ڕابوێرەوە!!

هاوینی(1383)

## گریان

لەگەڵ زەردی بەیان چاوی خەمینی بەردە زەرد گریا
لە گەڵیا شاخ و هەوراز و زنار و گاشەبەرد گریا

کە نامەردانە ژین پشتی لە ئەشق و سەربلندی کرد
لە چاوی بێستووندا دیم قولنگی دەستی مەرد گریا

لە بەژنی ئاگری وەرهات گڕەی ناخی دلی قەندیل
چیا هەستانە پێ کاتێ کە چۆم و دەشت و هەرد گریا

قژی خۆیان ڕنی داران و فرمێسکی گەلا لەرزین
لەسەر تەرمی ژیان ئەمڕۆ دییان پاییزی زەرد گریا

هەرەس ئەسرین بوو داچۆڕا لەسەر کولمەی هیمالیا
چیای گاشربرۆم ڕووخا کە شاخی بەردە زەرد گریا

کە ئالای ئەشقی دەست دایە و بەرەو بەرزایی باڵی گرت
هەنیسکی دابەفر، کۆساری سەوز و سوور و زەرد گریا

لەسەر تەرمی هەڵۆکەی خۆی کە ناڵشکێنە هەڵکورما
چیا لەرزین و دڵیان خیز بە خیز و بەرد بە بەرد گریا.

پاییزی 1386

## هەناری دڵ

شەپۆلی سووری پێکەنین کە دەرکەوت لە لێوەکەی
گوڵاو پڕژێن کرا دڵم بە عەتری باخی سێوەکەی

هەنارە دڵ، گەیشتووە بە تینی خۆری ئەشقی تۆ
گوڵم چ خۆشە بێی دڵم لە داری سینە لێوەکەی

شەکر وەری لە گەوهەری دەمی دەمێ کە تووڕە بوو
بە ئەشقەوە دڵم دەدایە بەر شنەی جنێوەکەی

کە تێکی نا برۆی، تەزووی خەمم لە ناخی دڵ گەڕا
دەنک دەنک وەری لە سەر سەرم تەڵی کڕێوەکەی

فڕێ لەچکە با ببێ بە شەو بەرەو ژوانگە بێم
چ خۆشە جا کەوی دڵم بە داوی کەزیە پێوەکەی

هەتاکوو کەنگێ چاوەڕێم دەکەی بەدەم پەژارەوە،
نەواز دەهێنی لێم، نە کۆرپەڵەی دڵم بە خێوەکەی؟!

زستانی 1386

## قوربان

خۆشەویستی منی بۆیە بۆ دیتنی مانگی گۆنات
ڕۆحم لەدەورت دەگێڕم، سەرم دەکەم بەقوربانت
ئەگەر هەڵنەیە مانگی ڕووت،جەژن ناکەم، شین دەگێڕم
تک تکەی فرمێسکی گەش و گەرم دەکەم بەقوربانت.

## گڕپژێن

خۆزگە دەتزانی لەدڵما خۆشەویستیت چەندەیە
دەشتی هەستم چەندە تامەزرۆی شنەی گوڵخەندەیە

ڕۆحی تۆ داری ئەوینە و ڕۆحی من داری ژیان
داخەکەم یاسای سروشت دژوازی ئەم پێوەندەیە

چۆلەکەی ئەشقت لەتوولەی پیرەباوەڕدا تەزی
خۆری مێژوو بۆیە ئەمڕۆ ڕووی لە ڕووت شەرمەندەیە

من کە دڵبەندم بە تاڵی تیشکی ئەشقت تائەبەد
تك تکەی فرمێسکەکەم تۆماری ئەم پەروەندەیە

پڕ بەکۆشی سەد شەوم ئەسرین لەچاوم هەڵوەراند
تۆ لەلێوانت نەنیشت ئاونگی ڕوونی خەندەیە

هەچیایەك گڕپژێنی خەم لە ناخی هەڵقوڵی
زووخ وفرمێسکی خەماویی ڕۆحی تینووی بەندەیە

پڕ لەئەشقی تۆن خیاڵ و هەست و تەنیاییم، گوڵم
خۆزگە دەتزانی لە دڵما خۆشەویستیت چەندەیە

پایزی(1386 )

## شۆخی دانشگایی

لەچاوانت گوڵی دەریایی دەڕژێ
لە ڕەوتت نۆتی مۆسیقایی دەڕژێ

گوڵاو پڕژێنە شێعرم بەو بزانەی
لە لێوت شۆخی دانشگایی! دەڕژێ

نیگات ئاسمانییە و بارانی هەستم
لە سەر زەریای بەبێ کۆتایی دەڕژی

دەکا نەورۆزە باران خۆری کەزیەت
دەمێ شێعرم لەگەڵ تەنیایی دەڕژێ

دەسووتێنێ دڵی شەو،ئەو تریفەی
لەبن هەور و تەما بەسپایی دەڕژێ

ئەگەرچی دووکەڵی شار دەوری گرتووی
لە تاوی ڕوومەتت ڕۆشنایی دەڕژێ

دەگنخێ ڕوحی ژین بێ ئەو وەنەوشەی
لەسەرشانت شەپۆل ئاسایی دەڕژێ

نەڕاسێ بوولەرەی دوو دوندی سینەت
لە شیعرم گڕپڕژێنی خوایی دەڕژێ؟!

لەداوی دووکەڵی شارا ئەمێستەش
لەڕووت بۆنی چیا و ئاوایی دەڕژێ

بتارێنێ هەناسەم قورمی چارشێو
لەبەژنت، سەد بەهار سەوزایی دەڕژێ